# لە یادی 35 ساڵەی شەهید شێخ عەلی بەرزنجی دا

**قادر ڕەشید**

سەرلە بەیانی ڕۆژی 1971/6/14لە کەرکوك لە ماڵی حسەین نادر ، شەهید شێخ عەلی بەرزنجی و هاوڕێ ئەحمەد ڕەجەب و کوڕی حسین نادر (عەلی) گیران و گرتنەکەشیان بەم شێوەیە بوو:
دەزگایەکی چاپەمەنی جۆری (ئۆفسێت) لە ماڵی حسین نادر ئەبێت و هاوڕێ ئەحمەد ڕەجەبیش بە هۆی خزمایەتیەوە لەوێ ئەبێت شەهید شێخ عەلیش (ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراقی) و بەرپرسی ڕێکخراوی شاری کەرکوك ، بە بڕیاری سەکردایەتی حیزب ئەگاتە ماڵی حسەین نادر بۆ ناردنی ئەو (ئۆفسێت)ە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی لە گوندی دەرگەڵە و لە کاتی دیاریکراودا پیکاپ دێتە ماڵی حسەین نادر و (ئۆفسێت) بارئەکرێت و حسەین نادر لە تەنیشت شوفێرەکەوە سوار ئەبێت و لە ماڵ ئەچنە دەرەوە و لەناو شاری کەرکوك لەنزیك کارگەی کۆکاکۆلا ئەگیرێن و وەك هاوڕێ ئەحمەد ڕەجەب باسی کرد: (لە دوای کەمتر لە کاتژمێرێك ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیس و ئاسایش بە ئۆتومبیلێکی زۆرەوە لەگەڵ پیکاب و حسین نادر هاتنەوە ماڵەوە و ئیتر هاوڕێ شێخ عەلی و حسەین نادر و کوڕەکەی(عەلی) و هاوڕێ ئەحمەد ڕەجەب و شوفێرەکە قۆڵبەستکران و بران بۆ قەسابخانەکەی تاوانبار فازیل بەڕاك لە قەسری نیهایە لە بەغدا ، هاوڕێ ئەحمەد ڕەجەب لەباسەکەیدا وتی: هاوڕێ شێخ عەلیم بینی هەمو گیانی خەڵتانی خوێن بوو توانای ڕۆیشتنی نەمابوو هەروەها عەلی کوڕی حسین نادریش لە نوسینەکەیدا* ئەڵێت:(شێخ عەلی لە ژورێکی تەسك و باریکدابوو ، بینیم دەستی ڕاستی و قاچی چەپیان شکاندبوو توانای جوڵەی نەمابوو ، جارجار گوێم لە نوزەی بوو ، ئەڵێ: بەگوێرەی زانینی خۆم کە 1971/6/10دوا دەنگی شەهیدی نەمر هاوڕێ شێخ عەلی بەرزنجیم گوێ لێ بوو ، ئەلێ: لەپاش چەن ڕۆژێك لەگەڵ عەبدوڵای سائق و قادری دەلیل بەربوین )* . دوای ئەوانیش هاوڕێ ئەحمەد ڕەجەب و حسەین نادریش بەر ئەبن و شەهید شێخ عەلیش لەژێر ئەشکەنجەدانی تاوانبار فازیل بەڕاك و جەلادەکانیدا ئەمێنەتەوەو هەر جارەی پارچەیەك لە جەستەی ئەبڕنەوە و تا ئەگاتە سەر هەڵکۆڵینی چاوەگەشە کاڵەکانی و لەژێر ئەشکەنجەی ئەو مرۆڤ کوژانەدا بە گیانێکی پۆڵاییەوە بە ورەیەکی بەرزەوە وەك قارەمانێك لە دوا هەناسەی مەرگیدا بە پارچە پارچەکراوی خوێن لە جەستەی ئەچۆڕا ، تف لە ناوچەوانیان ئەکات و پێیان ئەڵێت :تاوانباران ڕۆژێك دێت گەل تۆڵەتان لێبسێنێت.
چەند ڕۆژێك بوو ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی گیرابوو لەژێر ئەشکەنجەدا بەرگەی نەگرتبو بەڵام نەهێنیەکی زۆری ڕێکخراوی حیزبی لەکەرکوك و بەغدا ئەزانی ، هیچی نەدرکاندبوو ، نەهێنیە گرنگەکانی پاراستبوو ، حیزب کاری چاپەمەنی لە بەغدا ڕاگرت و بڕیاری دا من بڕۆم بۆ کوردستان بۆ گوندی

دەرگەڵە لەوێ (ئۆفسێتێك) هەیە کاری پێ بکەم ، کاتێك گەیشتمە دەرگەڵە بە هاوڕێ کەریم ئەحمەدم وت: ئەمەوێت دەزگای چاپەکە ببینم ، وتی دوو ڕۆژی تر ئەگات ، بۆ سبەینێکەی هاوڕێ کەریمم بینی دیاربوو باری دەرونی خراپ بوو ، وتی: بە حەسرەتێکی زۆرەوە دەزگای چاپەمەنیەکە لە کەرکوك گیرا ، لەگەڵ چەند هاوڕێیەك ، وەختی خۆشی من لە بەغداوە زۆر بە زەحمەت ئەو ئۆفسێتەم بە پارچەپارچەیی بە چەند وەجبەیەك گەیاندبوە کەرکوك.

شێخ عەلی قارەمان کەسایەتێکی ڕوخۆش وخۆشەویست بوو لە ناوماندا ، لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و ناودار بوو زۆر جار لە پێش ئەوەی دەست بەکۆبونەوە بکەین ئەو بە نوکتە و شیعرەکانی مامۆستا گۆران و خەیام ئێمەی ئەبزواند ، هاوڕێی شەهید شایستەی ئەو باوەڕ و متمانە و بەرپرسیارێتیە حیزبیە بوو کە قیادە و قاعیدی حیزب پێیان بەخشی بوو لەسەرەتای ساڵەکانی پەنجاکانەوە هاوڕێی شەهیدم ئەناسی ، هەردوکمان کاتبی حیساباتی بەڕەحمەتبن حاجی عەلی و کەریم شاقولی و کەریمی فەرەجەفەندی بووین ، ئەوانە شەریکی یەکتر بوون و بازرگان و خاوەن گەراج و ئوتێل بوون.

لە ساڵەکانی شەستەکاندا لەماڵی هاوڕێ (عوسمان دانش)ی هەمیشە زیندوو قارەمان و بەشدار بوی کۆماری کوردستان (مەهاباد) ، بە ڕۆنیۆ و تایپێکی کۆنەوە بە هاوکاری هاوڕێ دانش و خوشکە نیشتمان (کوردستان)ی کچی ئەوسا منداڵ بوو، بەڵام زۆر زرنگ بوو ، بڵاوکراوەکانی لیژنەی محەلی سلێمانیی و قیادەی حیزبمان چاپ ئەکردو بڵاوئەکرایەوە ئەگەیشتە ناو کارگە و قوتابخانە و شەقامەکان بە دەرگا و دیواری مزگەوتەکاندا و بەجێگا حەساسەکاندا هەڵئەواسران ، لە سەرەتای ساڵی 1965دا بەیەکەوە ئەندامی مەکتەبی محەلی شاری هەولێر بووین ئەندامی ، لیژنەی هەرێمی کوردستان بووین , هاوڕێ مەجید عەبدول ڕەزاق (مام قادر) بەرپرسمان بوو ، موختەفی بوین لەماڵی هاوڕێی کرێکار جەلال لە گەڕەکی شێخەڵا ، مام قادر پێی وتین بڕیارە سبەینێ هەردوکتان ئەچن بۆ گوندی داربەسەر ، بۆ بەیانی چوین بۆ گەراجی کۆیە ، خەریکی ڕۆیشتن بوین مام قادر بەپەلە گەیشتە سەرمان و وتی بەریدی بەغدا هاتوە داوای هاوڕێ قادر ئەکەن بچێت بۆ بەغدا و هاوڕێ شێخ تۆش ئۆغرت خێربێت ئیتر لە یەکتر دابڕاین.

لە ساڵی 1969 لە بەغدا کاری چاپەمەنی حیزبم ئەبردبەڕێوە هاوڕێ بەهادین نوری بەرپرسم بوو وتی: سبەینێ هاوڕێ عومەری مامەشێخە(ئەبوفاروق) بە ئۆتومبیلەکەمان ئەیگەیەنیتە ماڵی هاوڕێ عوسمان دانش لە سلێمانی ، لەوێ هاوڕێ شێخ عەلی چاوەڕێتانە و کەوتینە ڕێ لە کۆڵانەکەی نزیك ماڵی هاوڕێ عوسمان لە پشتی سەرا دوکانێکی لێبوو سێ چوار گەنجی لێوەستابوو یەکێکیانم ناسی پێشتر شیوعی بوو بەڵام لە حیزب دەرکرابوو ئێمەی ناسی و زانی بۆ ماڵی هاوڕێ دانش ئەچین ، شەهید شێخ عەلی لەماڵی هاوڕێ دانش بوو پێم وت: فلان کەس (ج) ئێمەی بینی ، وتی ڕێکەوتێکی باش نەبوو ، تۆ ئەڕۆیتەوە بۆ ماڵی خۆتان و ئێمەش هەردووکمان ئەڕۆین بۆ ماڵێکی تر.

کاتژمێرێکی نەخایاند هاوڕێ دانش لە دەرگای ماڵەوەمانی دا و بە پەشۆکاوی وتی لەدوای تۆ هاوڕێیان خەریکی ڕۆیشتن بوون مەفرەزەیەکی جەلالیەکان دای بەسەرماندا و هەردوکیان قۆڵبەست کردن و بردیانن بۆ گرتوخانەکەی بەکرەجۆ و سوکایەتیەکی زۆریشیان بە من کرد و داوای تۆش ئەکەن ، تکایە لێرە مەمێنە ، منیش بە پەلە گەڕامەوە بۆ بەغدا و هاوڕێ یانی مەکتەبی سیاسیم ئاگادار کرد.

ئەو کاتە عەلی عەسکەری بەرپرسی بەشی عەسکەری بوو ، بە دایك و خوشکانی هاوڕێ شێخ عەلی وتبو بۆیە گیراوە حیزبی شیوعی لە دژی ئێمە بەیانیان بڵاو کردووەتەوە ، لەدوای فشارێکی زۆری کەسوکاری هاوڕێ شێخ عەلی و جەماوەرێکی زۆر لەدوای سێ ڕۆژ زیندانی بە بڕیاری مام جەلال بەردران.

بەسەرهات و تێکۆشانی چینایەتی شەهیدی قارەمان لەپێناوی گەل و نیشتمانەکەیدا، لەپێناوی بەرزڕاگرتنی ئالآی حیزبەکەیدا ئەزمونێکی دەوڵەمەند و درەوشاوەی بەنرخی بۆ شیوعییەکانی دوای خۆی تۆمار کردوە. مەرجە ڕێبازی ئەو قارمانە بەردەباوی ڕێگای تێکۆشانی ڕاستەقینەی ئەمڕۆی شیوعیەکانی کوردستان بێت و ئیتر کادرەکانی ئەمڕۆی حیزب دورەوپەرێز بن لە کار و ئەرکی فەرمانبەرایەتی ناو بارەگاکان و لەسەر ڕۆشنایی ڕێبازی شەهیدی نەمر بە بەرگێکی نوێی چینایەتیەوە بە باوەڕبەخۆبوون و بە جورئەتەوە بەرەو کارگە و زانکۆ و کێڵگە و شەقامەکان ، بۆ ناوڕیزەکانی نیوەی کۆمەڵ " ژنان " و لێقەوماوان ڕێگەبگیرێتە بەر و پێداچونەوەیەکی جدی بەهانای چارەسەری ئێش و ئازار و گرفتەکانی جەماوەرەوە بێت.

هەڵسەنگاندنی کار و ئەرکی چینایەتی کادیرەکانی35ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ کار وئەرکی ئەمڕۆی کادیرەکانی حیزب پێویستییەکی بەپرسیارێتی مێژوییە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

کورتەیەك لە بەسەرهات وتێکۆشانی  هاوڕێی شەهید:

لە ساڵی 1949 ئێمە ژمارەیەکی زۆربوین لە شیوعیەکان و پارتیەکان لە سلێمانی لەسەر ئیعترافی ...و.... گیراین و ڕەوانەی ئەبوغرێب کراین لە بەغدا بەڵام شێخی شەهید نەکەوتە دەستیان بەرەو ئێران دەرباز بوو ، گەیشتە شاری تاران و حیزبی تودەی ئێران باوەشیان بۆکردەوە و پاراستیان ، لە ساڵی 1950 لە تارانەوە گەڕایەوە ، بە گەیشتنەوەی لە سلێمانی ئەگیرێت و ڕەوانەی بەغدا ئەکرێت و چەند مانگێك لە بەندیخانە ژیان ئەباتەسەر لە مەحکەمە  ئازاد ئەکرێت.

لەساڵی1951 لەسەر چالاکی حیزبی لە شاری سلێمانی ئەگیرێت و ئازارئەدرێت .

لەساڵی 1956 لە سلێمانی لەسەر خۆپیشاندان لە پێشوازی تەرمی شێخ مەحمودی مەلیك لە سلێمانی ئەگیرێت لەگەڵ برا و هاوڕێی تێکۆشەری شێخ سەعیدی نەمر ، هەردوکیان ئەدرێن بە دادگا و حوکم ئەدرێن بە سێ مانگ زیندانیی و ساڵێك نەفی بۆ خواروی عێراق بۆ بەدرە و جەسان ، ئیتر بەریان نادەن تا شۆڕشی 14ی تەموز بەر ئەدرێن و ئەگەڕێنەوە بۆ شارەکەی خۆیان.

لەساڵی 1962 لە کەرکوك لە ماڵی حیزبدا لەگەڵ هاورێ ئەحمەد بانیخێلانی و هاورێی نەمر ئەحمەد غەفور ئەگیرێن و لە سالی 1964 بەرئەدرێن ، خۆشبەختانە سەرکردایەتی بەعسی دڕندە پێیانی نەزانیبوو.
لەساڵی 1970 لە دووەمین کۆنگرەی حیزبی شیوعی عێراقیدا لە گوندی دەرگەڵە ، بە یەکەوە ئەندامی کۆنگرەبوین ، هاورێی شەهید هەڵبژێردرا و بوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حشع.
کاتێك هاورێی شەهید گیرا لە کەرکوك لە ماڵی حسین نادر تەمەنی بینایی کچی پێنج مانگ بوو ، تۆ بڵێیت ئەمڕۆ حیزب ئاگای لە بینایی و دایکی بینایی بێت و لەبەر چاوبن وەك مافێکی ڕەوای شەهیدان؟ و بە سەریان بکەنەوە وەك پێزانین و وەفاداریەك؟ تۆ بڵێیت حیزب لەناو ئارشیفی خۆیدا لیستی شەهیدانی خۆی هەبێت و قارەمانێتی ئەو شەهیدانە بە نەوەکانی ئەمڕۆی حیزب لەکاتو ساتی خۆ یدا بناسێنێ؟ خۆبە ختکردنی ماندونەناس شەهید شێخ عەلی چمکێکە لە خەرواری خۆبەختکردنی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی و سەرفرازی بۆ گەل و نیشتمانەکەیان.
سلاو لە یادی شەهیدی خاك و گەل ونیشتمان ، شێخ عەلی بەرزنجی.
2006/6/4

* ڕێگای کوردستان ، ژمارە 406 حوزەیرانی 2000